ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئەو مودەڕیسەی تاقە وانەیەکی ئاینی نەخوێندۆتەوەو لەکارەکانی حیزبەکەی بێدەنگە

عەبدولسەتتار ئەمین

٢٠/ ٢٠٠٤/١٠

لەم کوردستانە دەتوانی ببیتە مامۆستای هەموو وانەکان بەبێ ئەوەی یەك وانە بخوێنیتەوە. لەم کوردستانە دەتوانی وەکو ئەو کەریم مودەریسە بیت کە لە ڕۆژنامەی ( خەبات) ژمارە ١٥٩٢ وانەی ئایینو دڵسۆزی بۆ هاوڵاتیانمان پێ دەڵێتەوە. ئەو برادەرە لەو نووسینەدا دەڵێ: ئەگەر نوێژکردن بەدەقی ئایەت فەرزکراوە ئەوە ڕاپەڕاندنی کاری خەڵك بەهەمان قورئانو سوننەت فەرزکراوە هەر بۆیە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە کە نواندنی سەعاتێکی عەدالەت لە خواپەرستی هەزار ساڵ باشترە. ئەوەی خیانەتیش لەو دەسەڵاتە بکات کە لەژێر دەستیدایە دەبێ لە ڕۆژی قیامەت هەموو ئەو کەسانە لە خۆی ڕازی بکات کە مافیی فت کردوون. لە هەندێ فەرمانگەی حکومەتدا بەداخەوە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێ بەناوی نوێژکردنی نیوەڕۆ. سەرەتا نوێژی نیوەڕۆ هەر دەمێنێ تا فەرمانبەر دەگاتە ماڵ. دووەم ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەرکی هاوڵاتی خێری کەمتر نییە لە نوێژەکە.

ئەو برادەرە مودەریسە وانەکانی ئاینمان بۆ دەڵێتەوە بەبێ ئەوەی لە ئایین شارەزا بێ چونکە ئەو دەقەی کە باسی دەکات کە نواندنی سەعاتێکی عەدالەت لە خواپەرستی هەزار ساڵ باشترە لە قورئان و سوننەتدا نەهاتووە بەڵکو فەرموودەیەکی لەم شکڵە هەیەو دەقی وا لە قورئاندا نەهاتووە. بێجگە لەوەش فەرموودەکە هەزار ساڵ باس ناکات بەڵکو باسی حەفتا ساڵ دەکات. ئەو برادەرە مودەریسە دیارە نەك تەنها لە قورئان و فەرموودە بێ خەبەرە بەڵکە کاتەکانی نوێژیش نازانێ ئەگینا ناڵێ نوێژی نیوەڕۆ هەر دەمێنێ تا فەرمانبەر دەگاتەوە ماڵ. نوێژی نیوەڕۆ بۆ زانیاری ئەو برادەرە نزیکی سەعات ٣ تەواو دەبێ فەرمانبەریش ئەگەر سەعات ٢ فەرمانگە بەجێ بهێڵێ و ئەگەر ماڵی دوور بێ نوێژی نیوەڕۆی لەناو پاسدا دەفەوتێ یان ئەگەر نەفەوتێ کاتی عەسر نزیك دەبێتەوە خۆ ئەو برادەرەش ئەو نووسینەی بۆ مانگی ڕەمەزان نەنووسیوە چونکە ئەو بەگشتی قسە دەکات و باسی مانگی ڕەمەزان ناکات، کە دەوام کەمترە ئەمجا شتەکەی لە دووهەم ڕۆژی ڕەمەزان بڵاوبۆتەوەو ڕەنگە چەند ڕۆژێك پێش ئەوە نووسیبێتی ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە فەرمانبەر مافی هەیە نیو سەعات ئەگەر سەعاتێ نەبێ پشوو بدات ئیدی چی تێدایە لەوکاتی پشووەدا نوێژ بکات؟ ئەدی ئەو برادەرە بۆ قسە لەسەر بەفیڕۆدانی کاتی فەرمانبەرو هاوڵاتیان لەشتی دیکە وەکو نان خواردن و بۆچی ناڵێ با فەرمانبەر سەبر بگرێ تا دەگاتە ماڵ؟ ئەدی ئەو برادەرە بۆچی قسە لەسەر ڕێپێوان و ڕۆشتنی فەرمانبەری حیزبی بۆ کۆبوونەوە حیزبیەکان؟

لە کۆتاییدا بەو برادەرە دەڵێم ئامۆژگاریەکەت هەڵبگرە بۆ ئەو حیزب و حکومەتەی کە لە خزمەتیان شت دەنووسی، ئەوەتا تۆ دەڵێی: ئەوەی خیانەت لەو دەسەڵاتە بکات کەلەژێر دەستیدایە دەبێ لەڕۆژی قیامەت هەموو ئەو کەسانە لەخۆی ڕازی بکات کە مافەکانی فت کردووە.

ئەمنیش پێت دەڵێیم: کێ لەم کوردستانە خیانەتی لەدەسەڵات کردووە و کێ مافی هاوڵاتیانی فت کردووە؟ بۆچی قەڵەمت لەئاست گەندەڵی و فت کردنی مافی هاوڵاتیان لاڵ بووە و ڕقی خۆت بە نوێژ و نوێژکەران دەڕێژی؟ ئەمجا کامە تاوانی گەورەیە: ئەو فەرمانبەرەی کاتی پشووی خۆی بە نوێژی نیوەڕۆ دەباتە سەر یان ئەو کەسانەی کە خیانەت لە هەموو خەڵکی دەکەنو مافی هەموو خەڵکیان فت کردووە؟